من والله -به ویستی الله- ئەگەر سوێند لەسەر شتێك بخۆم، پاشان ببینم شتێکی تر لەوە خێرترە، کەفارەتی سوێنەکەم دەدەم، وئەوە جێبەجێ دەکەم کە خێرترە

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ کۆمەڵە پیاوێك لە ئەشعەریەکان ؛ داوای وشترم لێکرد بۆ سواربوون، فەرمووی: «والله سوارتان ناکەم (لەسەر هیچ شتێك)، هیچ شتێکم لە لا نییە بۆئەوەی سواری ببن»، پاشان هێندەی خوای گەورە بیەوێت بەو شێوەیە ماینەوە ؛ ودواتر وشتر هێنرا، وفەرمانی کرد وسێ وشتر بە ئێمە درا، کاتێك ڕۆیشتین هەندێکمان بە ئەوانی تریان دەووت: خوای گەورە بەرەکەت ناکاتە نێومانەوە، هاتین بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- داوای وشترمان لێکرد بۆ سواری ؛ سوێندی خوارد کە نەیدات پێمان بەڵام دواتر سواری پێداین، ئەبو موسا دەڵێت: هاتین بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەمان بۆ باسکرد، ئەویش فەرمووی: «من سواریم پێنەدان، بەڵکو خوای گەورە سواری پێبەخشین، من والله -به ویستی الله- ئەگەر سوێند لەسەر شتێك بخۆم، پاشان ببینم شتێکی تر لەوە خێرترە، کەفارەتی سوێنەکەم دەدەم، وئەوە جێبەجێ دەکەم کە خێرترە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئەبی موسای ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ خەڵکانێك لە هۆزەکەی، مەبەستیان ئەوە بوو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وشتریان پێبدات بۆئەوەی سواری بن وبتوانن بەشداری جیهاد بکەن، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێندی خوارد لەسەر ئەوەی وشتریان پێ نەدات چونکە هیچ وشترێکی لەلا نەبوو؛ دەڵێت: بۆیە گەڕانەوە وبەو شێوەیە مانەوە، پاش ماوەیەك سێ وشتریان هێنا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ونواردی بەدوایانداا، بۆیە هەندێکیان بە ئەوانی تریان ووت: خوای گەورە بەرەکەت ناخاتە نێو ئەم وشترانەوە؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێندی خوارد لەسەر ئەوەی وشترمان پێنەدات بۆ سواری، بۆیە لەسەر ئەم بابەتە چونە لای پێغەمبەر وپرسیاریان لێکرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو: ئەوەی سواری پێبەخشین الله یە -سبحانه وتعالى- ؛ چونکە ئەو کاری ئاسان کرد وڕزقی بەخشی، ومن تەنها هۆکارێکم ئەمە لەسەر دەستم جێبەجێ بوو، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: من والله سوێند لەسەر شتێك بخۆم لەوەی بیکەم یان وازی لێبهێنم؛ ئەگەر ببینم شتێکی تر جگە لەوەی سوێندم لەسەری خواردووە خێرتر وباشترە، ئەوا باشترەکە ئەنجام دەدەم و واز لەوە دەهێنم کە سوێندم لەسەری خواردووە، وکەفارەتی سوێندەکەم دەدەم.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2961